# تاسلوجە: ئەوانەی تەقەیان لەکرێکاران کردبوو، ئازاد دەکرێن

ئەو پاسەوانانەی کە سەر بەکۆمپانیای عەسکەرن و کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە دەپارێزن، ڕۆژی ٢٧-٧-٢٠٠٦ دەستڕێژیان لە کرێکاران و کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە کردبوو، ئازاد کران.

بەگوێرەی هەواڵ ئەو ٧٠ پاسەوانەی کە بەتۆمەتی تەقەکردن لەمانگگرتووانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە گیرابوون و برینداربوونی ١٣ کەسیشیان لەئەستۆبوو، بەبڕیاری دادوەر ئازاد کران.

ڕۆژی ٢٧-٧-٢٠٠٦ کرێکاران و کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆ بەمەبەستی جێبەجێ کردنی داخوازییبنامەکەیان کەپێشتر ئاراستەی بەڕێوەبەری کارگەیان کردبوو، مانیان گرت، بەڵام پاسەوانان بەگوللە وەڵامیان دانەوەو ١٣ کەسیان لێ بریندار کردن.

کارمەندەکانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە کێشەو خۆپێشاندانەکەیان دەگێڕنەوە بۆ ڕووداوی پچڕاندنی قایشی یەکێك لەئامێرەکان کە لەرابردوودا ڕوویدابوو، بەو هۆیەوە ١٠ کارمەند دەستگیر کرابوون و هەڕەشەی دەرکردنیش لەزیاتر لە٢٠٠ کرێکار کرابوو. ئەگەرچی تا ئێستا ژمارەیەك لەبریندارەکان هێشتا هەر لەنەخۆشخانەدان و مەترسیان لەسەر ماوە، بەڵام بەبیانۆی ئەوەی کە خاوەن کارگە بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی بەبریندارەکان داوە، بە بڕیاری دادوەر، پاسەوانە گیراوەکان ئازاد کران.

## لەکفری ڕێپێوانێکی هێمنانە بەڕێوەدەچێ

کاتژمێر ٩ی ڕۆژی ٥-٨-٢٠٠٦ دانیشتوانی شارۆچکەی کفری بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرانبەر قەیرانی سووتەمەنی، ئاوو کارەبا ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم بارەگای لایەنە پەیوەندارەکان سازکرد. خۆپێشاندەران داوایان لەحکومەت دەکرد کە بەزووترین کات چارەسەری ئەو قەیرانانە بکات، چونکە بەشێوەیەکی یەکجار کوشندە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك داناوە. خۆشبەختانە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لەدژی خۆپێشاندەران ڕەفتاری باشیان هەبوو.

## پاسەوانی بەرپرسێك خۆی بەخاوەنی کارەبای گوندێك دەزانێ

بەگوێرەی هەواڵ کەسێکی گوندی شێخ لەنگەری گەورەی دەڤەری کەلار کە پاسەوانی بەرپرسێکە بەبیانۆی ئەوەی کە خۆی کارەبای بۆ گوندەکە دابینکردووە، کارەبا لەخەڵکی دەبڕێ و بەتەنیا بۆخۆی گلی دەداتەوە، لەم پێوەندیەدا دانیشتوانی گوندەکە سکاڵای خۆیان بەژیان ناو خاس، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبای کەلار ڕادەگەیەنن، ناوبراو دڵنیایان دەکاتەوە کە ئەوان لەسەر بودجەی حکومەت کارەبایان بۆ هەموو گوندەکە دابینکردووە، ئەو ڕەفتارەی پاسەوانەکەی بەسەرپێچی کردن لەیاسا ناوبردو بەڵێنی پێدان کە وەك یەك بەهەموو ماڵەکان دەدرێت.




* فەرمانگەکان: ڕۆژی ٣٠-٧-٢٠٠٦ لەنەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ زیاتر لە (٥٠-٦٠) نەخۆشی پسوڵەیان بڕی بوو، تەنها یەك دکتۆر دانیشتبوو، ئەویش لەئەنجامی قەرەباڵغی و تێك چوونی کارگوزارەکەی لەگەڵ خەڵکەکە، بەقسەی کارگوزارەکەی کردو چۆڵی کرد.

وەزارەتی پەروەردە نووسراوی ڕەسمی ناردووە کە دەبێ لەهاویندا ئیدارە دەوام بکات، کەچی دەرماڵەی مامۆستایان لەبەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانی دەبڕێ، لای ئێمە نەك هاوین بەڵکو لەپشووەکەی نیوەی ساڵیش بڕیان. دەرماڵەکەیان وەکو ئاوی بیری لێ کردووە، لەهاوین دەبڕێ، بۆیە کۆمەڵێ مامۆستای کەم مووچە ئێستا ناچار بوونە پەنا بۆ هەندێ کاری ڕۆژانەی وەکو (حەماڵی)و کرێکاری ببەن.

بەدالەی چەمچەماڵ داواکارییەکی زۆریان لەجەماوەر وەرگرتووە بۆ هێڵی تەلەفۆنی دیجیتاڵ، خۆیان دەڵێن کاری دابەشکردنی هێڵی ناو کۆڵانەکان تەواو بووەو بەشی شارەکەش دەکات، بەڵام ئەوە چەند مانگێگە چاوەڕوانی چەند پارچەیەکی بچووکین بۆ تێکەڵ کردنی هێڵە کۆن و نوێیەکە، بەڵام هەر دەڵێن باشەو دیار نییە.

* بەنزینخانەکان: لەبەنزینخانەی شۆریجەی شاری کەرکوك پۆلیسێك دەڵێی دڕندەیە بۆ گیانی شۆفێرەکان بەدارێکەوە، کەچی کوڕەکەی لەدەرگاکەی دیکەوە بەپارە خەڵك دەکاتە ژوورەوە. لەهەفتەی ڕابردوو گەنجێك لێی ڕادەپەڕێت، چاکی دەکوتێ و دەمانچەکەی قەدیشی دەڕفێنێ و دوایی بەسوڵح کردن دەیداتەوە.

لەبەنزینخانەی (ر-س) پۆلیسێك لەئەنجامی هەڵچوونی خەڵکەوە تەقە دەکات و بەر یەکێك دەکەوێت و لەسکی دەدات، لەپشتی دەردەچێ، بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانەو نەمرد.

* کێشەی تەڵاق: پیاوێك بەناوی (ع.س)، دانیشتووی ناحیەی قەرەهەنجیرە، لەگەڵ خێزانەکەی دەبێتە شەڕیان، لەسەرئەوەی کە ژنەکەی لەمناسەبەیەکدا پانتۆڵی لەپێ کردووە، ئەنجامەکەی بەتەڵاق دان کۆتایی هات. شیاوی باسە زیاتر لە (٨ساڵ)ە هاوسەری یەکترین.

پیاوێك بەناوی (أ.ع) کارتی شاییان بۆ دێت، بەڵام لەڕۆژی ئاهەنگەکە ئەو لەماڵ نابێ، خێزانەکەی لەگەڵ ماڵی باوکیدا دەڕوات بۆ ئاهەنگەکە، کاتێ پیاوەکە پێیزانیبوو، یەکسەر تەڵاقی دەدات، گوایە چونکە بێ پرس ڕۆیشتووە.

# ڕۆژنامەی ئولکەدە ئوزگور گوندەم بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ڕادەگیرێ




بەتۆمەتی ئەوەی کە ڕۆژنامەی ئولکەدە ئوزگور گوندەم هانی توندوتیژی داوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ڕادەگیرێ عەلی گورگوز خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە سزای ١٥ ڕۆژ ڕاگرتنی ڕۆژنامەکەی بەشەرمێکی گەورەو بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی لەتورکیا لێکدەداتەوە، داوا لەڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و ڕۆژنامەوانان دەکات کە ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بەو بڕیارەی دادگای تورکیا دەربڕن.

لەسەر داوای دۆزگەری کۆماری تورکیا لەئەستەنبۆل لەڕۆژی ٤-٨-٢٠٠٦ سزای ١٥ ڕۆژ ڕاوەستان بەسەر ڕۆژنامەکە سەپێنرا، بەڵام خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە ڕەخنەی لەبڕیارەکە گرت و بەدژایەتی سەرەتای ئازادی ڕۆژنامەوانی لێکدایەوە. ناوبراو گوتی هەر لەسەرەتاوە وەزارەتی دادو فەرمانداری گشتی حکومەت لەدژی ئێمەدا ڕاوەستاون، تا ئێستا زیاتر لە ٦٠٠ سکاڵامان لەدژدا تۆمارکراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیا دیموکراسی و ئازادی ڕۆژنامەوانی بۆ قبوڵ ناکرێ.

# موسڵ: سیاسەتی بەعس بەرانبەر بەکورد دووبارە دەبێتەوە

بەگوێرەی هەواڵ بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی پارێزگای موسڵ تا ئێستاش ئیش بەو بڕیارە دەکات کە ڕێگە نادات زەوی و خانووبەرە لەسەر ناوی کورد تۆمار بکرێ.

وێڕای ئەوەی حکومەتی بەغدا بەنووسراوی ڕەسمی ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی پارێزگاکانی کردۆتەوە کە هاوێرکاری لەتۆمارکردن بەرانبەر بە وڵاتیان نەکرێ، بەڵام ئەوانەی بەم دواییانە خانووبەرەیان لەموسڵ کڕیوە، یان ئەوانەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس خانووبەرەیان کڕیبوو، ناچار بیوون لەسەر ناوی عەرەبێك تۆماری بکەن، باس لەگرفتی تۆمارکردن و تاپۆکردن دەکەن، چونکە تا ئێستاش بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی موسڵ ڕێگەنادات زەوی و خانووبەرە لەسەر ناوی کورد تۆمار بکرێن.

# ململانێی حزبی سەنتەری ڕۆشنبیری پەك دەخات

بەگوێرەی هەواڵ زۆربەی ئەندامانی کاتی دەستەی کارگێڕی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان سەر بەلایەنێکی دەستڕۆیشتوون و دەیانەوێ بەئارەزووی خۆیان پاڵێوراوان دەست نیشان بکەن، بەڵام ئەندامانی سەنتەری ڕۆشنبیری دەیانەوێ لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەبەرو دەستەی کارگێڕی هەڵبژێرن، بەمەش ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی سەنتەرەکە پەرەی گرتووە، بەشێوەیەك کە خەریکە کارو چالاکیەکانی پەك بخات.

ئەندامانی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان بەمەبەستی بەرەوپێشەوەبردنی ئاستی ڕۆشنبیری و خزمەتکردن بەکێشەی نەتەوەیی، دوور لەدەستتێوەردانی حزبی لەهەوڵی ئەوەدان کە کەسانی سەربەخۆ بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵبژێرن.

# ڕانیە: ژنێك بەتۆمەتی لەشفرۆشی دەگیرێ

ڕۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٦ ژنە عەرەبێك کە لەگەڵ دوو لاوی دەڤەری ڕانیەدا لەقەزای سۆرانەوە، هاتبووە شاری ڕانیە دەستگیرکرا.

بەگوێرەی هەواڵ دوای ئەوەی خەڵکی ڕانیە گومان لەو ژنە دەکەن، ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە، پۆلیسیش بەمەبەستی زانیاری دەستگیریان دەکەن و پرسیاریان لێدەکەن، لەئاکامدا ژنەکە دان بەوە دەنێ کە ئەو دوو لاوە بەمەبەستی کاری لەشفرۆشی ئەویان هێناوەتە ناوچەکە. لەو پێوەندیەدا پەروەندەیان بۆ دەکرێتەوەو ڕەوانەی دادگە دەکرێن.

# خاوەن موەلیدەیەك دزی لەکارەبای سەرەکی دەکات

خاوەن موەلیدەیەکی ئەهلی کە لە یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری ڕانیەدا موەلیدەی داناوەو تەزووی کارەبا بەخەڵك دەفرۆشێتەوە، بەتۆمەتی ئەوەی کە دزی لەکارەبای سەرەکی کردووەو بەخەڵکی فرۆشتۆتەوە، دەستگیر کرا.

بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی ١-٨-٢٠٠٦ خاوەن موەلیدەی ئەهلی گەڕەکی (س.ع) لەڕانیە بەتۆمەتی گەندەڵی کارەبا دەست بەسەر موەلیدەکەی دادەگیرێ و ڕەوانەی بنکەی پۆلیس دەکرێ.

بەگوێرەی هەواڵ خاوەن موەلیدەکە نزیکەی ٣٠٠ ئەمپێر کارەبای لە بیری ئاوی ئەو گەڕەکە دزیوە، هەر ئەمپێرێکی بە ١٥ هەزار دینار فرۆشتۆتەوە، کەچی خاوەن موەلیدەکە تۆمەتەکە ڕەتدەکاتەوەو بێئاگایی خۆی ڕادەگەیەنێ.

## دوو کچ دەسووتێن

ڕۆژی ٢٤-٧-٢٠٠٦ کچێك بەناوی (ش.ح) ی تەمەن ١٨ ساڵان، دانیشتووی شاری سلێمانی لەکاتی داگیرساندنی تەباغی نەوتی‌دا، تەباغەکە گڕ دەگرێت و بەرێژەکی زۆر دەسووتێ. دوای ٣ ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدەدات. هەروەها ڕۆژی ٢٨-٧-٢٠٠٦ کچێکی دیکە بەناوی ساوێن دانیشتووی قەڵادزێ دەسووتێ و بەپەلە دەیگەیەنە نەخۆشخانەی شاری سلێمانی. ئەویش دوای چەند ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانەدا گیانی لەدەستدا.

## کارەساتی ئۆتۆمۆبیل زیانی لێدەکەوێتەوە

کاتژمێر ١٩:٣٠ ڕۆژی ١-٨-٢٠٠٦، لەڕێگەی گشتی کۆیە — هەولێر، لەکاتێکدا، ئۆتۆمۆبیلێکی پڕ لەسەرنشینی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەرەو هەولێر لەڕێدا بوو، لەنزیك "پیرەر"، ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری سۆپەر سیدان، بەخێراییەکی یەکجار زۆر لەڕووبەڕووەوە لەسایدی خۆی دەرچوو و خۆی پێداداو ئاکامێکی پڕ زیانی لێکەوتەوە: شۆفێری سۆپەر سیدانەکە، دیار محەمەد ئەمین دانیشتووی سلێمانی تەمەن ٢٦ ساڵ لەجێدا گیانی لەدەستدا، ٦ کەس لەسەرنشینەکانی ئۆتۆمۆبیلەکەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، برینداربوون کە حاڵی یەکێکیان خراپە، هەردوو ئۆتۆمۆبیلەکە زیانی زۆریان وێکەوتووە. هەرهەمان ڕۆژ، ١-٨-٢٠٠٦ وڵاتیەك بەناوی شەعبان خدر بەکارەساتی ئۆتۆمۆبیل لەنزیك قەڵادزێ گیان لەدەستدەداو دوو برای دیکەشی بریندار دەبن.

## ڕانیە: فەرمانبەران هەڕەشەی مانگرتن دەکەن

فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ڕانیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکانیان هەڕەشەی مانگرتن دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ١٠-٨-٢٠٠٦یان وەك دوا مۆڵەت دیاری کردووە. فەرمانبەران داوای دەرماڵەی ١٠٠٪و نان خواردن و زیادکردنی مووچە دەکەن، ناڕەزایی خۆیان لەبەرانبەر نایەکسانی لەنێوان پارێزگاکانی باشوورو هەرێمی کوردستان دیاردەکەن و داوای چارەسەرکردن دەکەن.

## دەڤەری ڕاپەڕین: هاتنی عەرەب نیگەرانی دروست دەکات

خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین ( ڕانیەو قەڵادزێ) سەبارەت بە هاتنی بەلێشاوی عەرەبی عێراق بۆ ناوچەکەیان دڵتەنگ و نیگەرانن.

ماوەیەکە بەبیانۆی نائارامی شارەکانی عێراق ژمارەیەکی زۆر لەخێزانە عەرەبەکانی شاری موسڵ و بەغداد دێنە هەرێمی کوردستان. بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانە لەدەڤەری ڕاپەڕین نیشتەجێ کراون، بەڵام خەڵکی ناوچەکە لەوە بێزارن کە گوایە بەشێك لەوانە تەنیا بە مەبەستی لەشفرۆشی و ڕاکێشانی گەنجان هاتوون، لەنێو ماڵەکانیاندا سێکسفرۆشی دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە هەندێکیان کارگەی بلۆك و کاشییان کڕیووە، کە بەزۆری کرێکاری عەرەب کار پێدەکەن، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی دەروونی و ئابووری کرێکارانی ناوچەکە دروست کردووە، لەلایەکەوە لەکارپێکردنی ئەوانی کەمکردۆتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کرێی خانووی بەرز کردۆتەوە.

خەڵکی دەڤەرەکە چاوەڕوانن کە حکومەتی هەرێم ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە.

## خوێنداریەکی کۆن زیندوو دەبێتەوە

ڕۆژی ٣٠-٧-٢٠٠٦ وڵاتیەکی دەڤەری سیدەکات بەناوی (ح. برادۆستی) بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆنەوە کە ٢١ ساڵ لەمەوبەر یەکلایی کرابۆوەو ئاشتەواییان کردبوو، کوژرا.

چەند کەسێك لەوانەی کە پێشتر ناکۆکیەکەیان یەکلایی کرابۆوەو ئێستا لە کۆمەڵگەی کەسنەزان دادەنیشن، ڕۆژی ٣٠-٧-٢٠٠٦ لەگەڕەکی پیشەسازی قەزای سۆران دەستڕێژی لە (ح. برادۆستی) دەکەن و دەیکوژن. لەم کارەساتەدا دوو کەسی تریش زامدار دەبن. بەگوێرەی هەواڵ تاکو ئێستا بکوژەکان دەستگیر نەکراون.

## لەهەوارگەی جوندیان کەسێك دەخنکێ

ڕۆژی ٢٥-٧-٢٠٠٦ گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵ، دانیشتووی گوندی ماویلیان بەناوی (ڕەوان)، لەکاتی مەلەکردندا لەهەوارگەی جندیان، بەهۆی ئەوەی کە ماتۆری کارەبا شۆرتی تێدا دەبێ و ئاوەکە بارگاوی دەکات و دووچاری ڕووداوێکی دڵتەزێن دەبێتەوەو گیان لەدەست دەدا.

## بەتۆمەتی دزینی کێبڵی کارەبا دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی ٢٥-٧-٢٠٠٦ کارمەندێکی کارەبای ڕانیە لەڕێگەی چوونی بۆ هەولێر بەتۆمەتی بازرگانی کردن بەکێبڵی کارەباوە، دەستگیر کرا. گوایە ئەو کارمەندە کێبڵی کارەبای گواستۆتەوە کە بەهاکەی بە ١٥ ملیۆن دیناری عێراقی مەزەندە دەکرێ، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی زیاتر ڕەوانەی دادگە کراوە.

## کتێبخانەی گشتی ڕانیە ڕزگار دەکرێ

بەگوێرەی هەواڵ نیاز وابوو کە کتێبخانەی گشتی ڕانیە بەچەند دەوڵەمەندێك بفرۆشرێ، ئەوانیش دەیانویست بیکەن بەشوێنی بازرگانی، بەڵام دانیشتوانی شاری ڕانیە ناڕازی بوون و ڕەخنەیان لەو بڕیارە هەبوو، جەختیان دەکردەوە کە دەبێ ببێ بەجێگەیەکی خزمەتگوزاری گشتی و بە بازرگانان نەفرۆشرێ. ڕۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٦ بەهاوهەڵوێستی سەنتەری ڕۆشنبیری گەنجان و بنکەی ڕۆشنبیری ئاسۆس و دەستەی هاوکاری ڕانیە توانرا خواستی جەماوەری شارەکە سەربخرێ و ڕێگە لە مەرامی بەرژەوەندخوازان بگیرێ.

## لاوێك لەناو مەلەوانگەی نەورۆز دەخنکێ

کاتژمێرە ١:١٥ ی ڕۆژی ٤-٨-٢٠٠٦ لاوێکی تەمەنی ١٥ ساڵ بەناوی (چ.ع) لەکاتێکدا لەناو مەلەوانگەی نەورۆز لەهاوینەهەواری سەرچنار مەلەی دەکرد، کەوتە ژێر ئاوو خنکا.